# دیمانە



کارزان ڕەحمان

: لەدوای 2000ەوە، کۆمەڵێک کتێبی شیعری بڵاوکراونەتەوە، هەروەها چەندین دەقیش لەگۆڤار و ڕۆژنامەکاندا بڵاوکراونەتەوە، کەنووسەرەکانیان بەتەمەن گەنجن. ئایا کاتی ئەوەنەهاتووەبەشاعیرەباشەکانی ئەو نەوەیەبڵێین باش و بەخراپەکانیش هەروەتر، باشی و خراپیش بەلێکدانەوەو دوور لەناوچێتی و هاوڕێتی و هەر پێوەندی و رقبەرایەتییەکی تری ناپێویست؟

یوسف عیزەدین: خۆی لەڕاسیتدا و بەشێوەیەکی گشتی، هەوڵ دەدەم؛ سەرجەم ئەوەی کەپێویستەبگوترێت و پەیوەستەبەراستەوخۆیی پرسیارەکانتان سەبارەت بەگەنجان، ئەگەر توانیم بۆ دوا پرسیارتان بهێڵمەوە تا ئەوێش گەر توانیم هەوڵ دەدەم، لەکون و کەلێن و شوێنجێگەی دیکەوەوشانبەشانی ئێوە، پرسیارگەلێکی دیکەبورووژێنم، بەمەبەستی خولڤاندنی بگرەو بەردەیەکی جوداو جیاواز لەتەقلیدییەتی ئەو چەشنەمامەڵەیەی کەتا ئێستا لەتەک تەوەر و دیدار و هاوچەشنەکانیدا کراوە، کەلەزۆربەیاندا یەقین و وەڵامدانەوەی موتڵەق و تەسەووراتی دۆگم ئامێز و دنیابینی مەحکەم، مەترەحەو لەودیوئەوەشەوە، شتێکی دیکەمان ناکەوێتەبەرچاو.. بەڵام تۆ بڕوانەتازەترین بابەت کەپێش ئەوەی بکەومەتاپیکردنی ئەم وشانە، هەر ئەم بەیانییەبەرچاوم کەوت، ئەویش کەشفبوونی شتێکی زۆر گرنگەکەساڵانێکەلەمۆزەخانەی هۆڵەندا، بەو پەڕی وریاییەوەهەڵگیراوەو کەپێشتر وەک دیارییەکی بەنرخ و لەساڵی1969 پێشکەش بەسەرۆک حکومەتی هۆڵەندا"ولیام دریس"کراوە.. دیارەئەو شتەگرنگەش پارچە بەردێکی سەر مانگ بووە، یان دەتوانین بڵێین تا پێش کەشفبوونیشی؛ نەزانراوەکەبەردی سەر مانگ نییەو تەنها پارچەتەختەیەکی سەر زەوی بەبەردبوو بووە، ..جا ئەوەی لەم ئاماژەپێدان و خستنەڕووەماندا گرنگە، ئەو راستییەکەدەرئەنجامی گومانی کارمەندێکی نێو مۆزەخانەکەبەناوی"کساندرا ڤان" لەپارچەبەردەکە، دەبێتەمایەی پشکنینی و دەرکەوتنی راستییەکی هەڵخەڵەتێنەری سەیر، وەک"کساندرا ڤان"یش دەڵێت:(مەگەر تەنها بەزانینی ئەم راستییەپێبکەنین) .. نازانم سەیر نییەپاش ساڵانێکی دوور و درێژ، گومانی کەس و کەسانێک، دواجار بووبێتەمایەی دەستدان لەشتێکی زۆر گرنگ و یەکاڵاکردنەوەی راستی موزەیەفبوونی؟! هەر پاش ئەو کەشفبوونەش، زانییان ئەو دەوڵەتەی ئەو بەردەی پێشکەش بەسەرۆک حکومەتەکەیان کردووە، لەژێریدا

نەینوسیوە؛ بەردێکی سەر مانگ و دواجاریش وا تازەتازەدەگەنەئەو راستییەی؛ کەئەگەر بەراستی بەردێکی سەر مانگ بایە، ئەوەبێشک پێشکەش بەشاژنی ئەودەمی هۆڵەندا"یولیانا" دەکرا، کەواتەئەو کەسەی ئەو فێڵەی لێ کردوون، شتێکی زۆر قووڵ و هەمەلایەنەی لەگەڵ کردوون.. کەلەئێستادا بۆتەدەیان پرسیار سەبارەت بەرابردوو و ئێستا و داهاتووی خۆیان؟!.

کارزان ڕەحمان

: ڕەخنەی ئەدەبی کوردی هەردەم لاواز و ڕاگوزەر بووە، بەڵام دەبینین ڕەخنەو لێکۆڵینەوەلەهەمبەر دەقی شیعریی ئەو شاعیرەگەنج و تازەیەدا لاوازترن، دەمەوێ بەوردی تیشک بخەیتەسەر هۆکارەکان، بۆچی؟

یوسف عیزەدین: ڕەنگەلەم دەرفەتەدا، نەتوانم شتێکی ئەوتۆ، سەبارەت بەپرسیارەکەتان بخەمەڕوو، بەتایبەتیش سەبارەت بەوەی ئاخۆ بۆ هەندێک لەنووسەرانی بواری ڕەخنەی کوردی، لەسەر کۆمەڵێک تێکستی جیددی فڵانەوەی نەنووسیوە؟!.. یان بۆ بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەسکەوتێکی ماددی، هەندێک بەناو ڕەخنەگر بەپێی تەڵەبی فڵان وفیسارەرۆژنامەو گۆڤاری ئەدەبی کار دەکەن و ئامادەن، لەسەر هەر تێکستێکی چرووک و خراپ بنووسن؛ کەلەسەرەوەبۆیان دیاری دەکرێت و خەڵاتەماددییەکەی مسۆگەرە.. پێم وایەزۆر کەمن ئەو ڕەخنەگرانەی، کەدەتوانن تەنها بۆ خستنەڕووی دنیای جوانی ئەدەبیانەی تێکستێک، بێ هیچ بەرژەوەندییەکی زاتی لەسەری بنووسن؟! لەکاتێکدا چەند زۆرەئەو بەناو دیراسانەی لێرەو لەوێ لەسەر هەندێک لەو تێکستانەنووسراوە، کەخاوەنەکانیان لەشوێنێکی دیاریکراو و بەرچاوی دەزگایەکی ڕۆشنبیری یان شوێنێکی لەو چەشنەدا دەستبەکار و بەرپرسن، کەپێم وایەئاستەمەهیچ لەو جۆرەنووسینەبەناو ڕەخنەییانەچاوەڕێ بکرێت، کەبەمەبەستی خۆ بردنەپێش و خۆ جێکردنەوەنووسراون و هیچ پێوەندییەکی بەورووژاندنی پرسیار و خستنەڕووی تەفکیکیانەی تێکست و بگرەو بەردەئێستەتیکی و مەعریفییەکانەوەنییە..واتەرەخنەیەک نییەلەو چەشنەی "تەها حسێن" سەبارەت بەشیعری جاهیلی وروژاندی و ئێستاشی لەگەڵدا بێت گفتوگۆی دەرحەق دەکرێت..بەهەرحاڵ پێم باش دەبوو، گەر بەشێوەیەکی بەرچاو ڕەخنەیەکی کوردی جدی هەبایەو هاتبایەو بۆ نموونە، هەر هیچ نەبێت خوێندنەوەیەکی تەفکیکیانەی قووڵی بۆ تێکستەجوانەکانی "نالی" و "مەحوی" دەکرد..یاخود حەقمانەبپرسین ئەگەر شتێک بەناوی ڕەخنەی جیدی کوردی هەبایە، بەتایبەت دەرحەق بەشیعر، دەبا خوێندنەوەیەکی قووڵی بۆ دنیای شیعریی شاعیرانێکی بەتوانا، کەبەجدییەتەوەدەنووسن کردبا، جا سەرباری نەبوونی کایەیەکی جیدی ڕەخنەیی دیار و بەرچاو..هەندێک نووسەر هەن ئەو بۆشاییەڕەخنەییەبەهێنانەناوەوەی کەس و کەسانی بێتوانا پڕ دەکەنەوە، بەمەرجێک قابل بن ناویان بەکار بێت بۆ بەرزکردنەوەی، ئەو نووسەرەی کەئەو جۆرەڕەخنەگرەدروست دەکات..خۆی لەڕاستیدا گەمەیەکەی سەیر و زیاتر تایبەتەبەدنیای بەناو ئەدەبیی کوردییەوە، بۆ نموونەکەسێکی گەوجی هیچ نەزانی بوودەڵێرەو لەوێ پەیدا دەکرێت،سەرەتا کۆمەڵێک بابەتی ڕەخنەیی سەبارەت بەکۆمەڵێک تێکست بەناوی ئەوەوەبڵاودەکرێتەوە، باشتریشەلەسەر بابەتگەلێکی جیهانی بێت، تا بزانرێت ئەم ڕەخنەگرەتازەدروست بووە، زادەی خوێندنەوەیەکی قووڵی ئەدەبیاتی جیهانییەو سەرباری ئەوەی بەم شێوەیەگومانیشی لێ ناکرێت؟!.. دواتر هێدی هێدی دەکەوێتەبەباش لەسەر نووسینی هەندێک نووسەری خراپی نێوەندەکە، کەناو هێنان و بەزکردنەوەی کارەکانیان نابێتەمەترسی و هیچ لەشان و شەوکەتی نووسەرەکەی خاوەنی کەم ناکاتەوە، ئینجا پاش ئەوەدەکەوێتەلێدانێکی زیرەکانەی کۆمەڵێک ناو جیدی، بۆ نموونەڕەنگەتا کۆتایی وتارێکی بەناو ڕەخنەیی، بەباش باسی دیوانەشیعرێک بکات، کەچی لەکۆتایدا، دەڵێت بەڵام زمانەکەیم بەدڵ نەبوو، یان چێژم لەخوێندنەوەی نەبینی و شتی لەو چەشنە، ئیدی ئەم ڕەخنەگرەوەهمییەی، کەخۆی کەسێکی نەگبەتی بێ دەسەڵاتی هەزیل وهەزەلیی؛ لەڕووی سایکۆلۆژییەوەنەخۆشە؟!.. بەم چەشنەدەکرێتەناو و لەڕۆژی خۆیدا بەنموونەیەکی لەم چەشنەی کەلەخوارەوەڕائامازەی پێدەدەم، دێت و دیراسەیەک لەسەر ئەو نووسەرەگەورەو گرنگەی کەدروستیکردووەدەنووسێت، وا باشتریشەلەپێشەکیدا بڵێت، کەگوایەئەم پێشتر تێکستەکانی ئەوی نەبینیوەو بەئیرادەی خوا و لەپڕ تێکستێکی ئەوی خوێندۆتەوە، ئیتر حاڵی لێبڕاوەو تف لەزاری وشک بووەو

بەچەشنی پێداهەڵدانی گەورەپیاوێک؛ دەستی کردووەبەبالۆرەگوتن و پێدا هەڵدانی عەزەمەتی تێکستەکە؟!..
بۆ نموونەئەگەر مەبەست بوو"س" ناوێکی خراپ نووس، وەک باشترین شاعیر باس بکرێت، ئەوەئەو
شاعیرەی کەپێشتر رەخنەگرەکەی دروستکردووە، بەناوی ئەوەوەدەنووسێت:
( هەرچەند کۆمەڵێک شاعیری "بۆ نموونەهەشتاکان، یان نەوەدەکان "هەن، بەنەفەسێکی ترو بەخەون و
خولیایەکی جیاوازەوەو لەنێو دنیای شیعردا دەرکەوتن، کەمن ناوهێنانیان بەپێویست نازانم و کاری من
نییە...بەڵام لەناو هەموویاندا "س" ناوێک هەیە، کەویستی دنیایەکی بێ هاوتای زۆر گرنگی تایبەت بەخۆی
بنیات بنێت، دنیایەک کەبەئاسانی خۆی بەدەستەوەنەدات و پشت تێکستەکانیشی پڕ بن لەمەعریفەو تاد...)..
جا ئیدی ئەم رەخنەگرەتازەدروستکراوە، لەبیری چووە، یان بابڵێین ئەو نووسەرەی کەئەوی
دروستکردووەلەیادی چووە، ئەم جۆرو چەشنەنووسینەرەخنەییانە، بەهەمان ئیقاعی پێداهەڵدانی
کلاسیکییاتی نووسینی؛ پێداهەڵدانەکانی زەمەنێکی بەسەرچووی سەڵتەنەتی نائەقڵ و رۆحییەتی ئەو دەم
نووسراونەتەوە، وەک نموونەکەپێشتر شتگەلێکی لەم چەشنەدەگوترا:
( ئەو نووسەرەقەڵەندەرەشۆڕەسوارەی، لەمەیداندا بۆڕی هەمووانی دابۆوەو ئەسپی کەحێلی نووسینی،
جیاواز لەئەسپەکانی تر، بەغارغارێن و حیلاندنی جیاوازەوە، هاتبووەمەیدان و لەهەمووان جیاوازتر
شارەزای هەموو چەشن و شێوەکانی جلیت بازیی ئەدەبی و رم بازێنی بەلاغی و چاوداگرتنی جەمالی
بوو..ئەڵلا ،ئەڵلا.. لەعەزەمەت و شان و شەوکەتی ئەو شۆڕەسوارە ئەدیبەسمێڵ قەیتانییەی، کەنەخۆیی و
نەئەسپی قەڵەمی هاوشانیان نییەو مومکین نییەبەتوڵی عوسور و تائەبەد ئەلدەهریش نەزیریان بۆ پەیدا ببێت
؟!!...).
بەڵام وەک لەگفتوگۆیەکی دیکەشدا ئاماژەم پێداوە، ئەگەر تێکست لەشوێنێکەوەپەیوەست بێت بەکەینونەوە،
یان بوونمانەوە، ئەوەتەئویلی ئێمەی خوێنەر، هەوڵدانێکەبۆ کەشفکردنی ئەو چەشنەتەماسەی کەلەگەڵ
شتەکاندا هەیەتی و کردوویەتی..هەموو ئەمەش بەبێ پرسیارکردنی بەردەوام و گەڕانی بێ پسانەوەمان
مەیسەر نابێت...تێکستەجدییەکان ئەو تێکستانەن، کەبەردەوام قابیل بەخوێندنەوەی نوێ و
جدیین..خوێندنەوەش هەردەم لەو شوێنەوەدەست پێدەکات کەدانەرەکەی بەئاگا یان بێئاگا، دەسەڵاتی بەسەردا
نەشکاوە، یان لێی بێدەنگ بووە.. یان لەکاتێکدا ویستویەتی شتێک پەردەپۆش بکات شتێکی دیکەی لەو
ترسناکتر یان سەیر و سەمەرەتری درکاندووە.. بەبێ گومان و دڵەڕاوکێ و بگرەو بەردەیەکی قووڵی
ناوەکی مەحاڵەبتوانین بچینەقووڵایی تێکستەکانەوە...باشەئەگەر دنیای خوێندنەوەهێندەقووڵ بێت، ئەوەدەبێت
نووسینێکی رەخنەییانەچەند ئاڵۆز قوورس بێت، لەکاتێکدا بەڕای من کاری خوێندنەوەی
رەخنەییانەهەڵوەشاندنەوەی تێکست و کەشفکردنی گەمەکانییەتی، حاڵی بوونەلەو توانا و هێزەی لەکاتێدا
دەیەوێت تا شوێنێکی دیاریکراو بمانبات یان وا خۆی دێنێتەپێش چاو، کەچی لەڕاستیدا مەبەستی بووەتا
شوێنێکی لەو جیاوازتر بمانبات... بۆ نموونەئامۆژگارییەکی بەرچاوی سەرانی هەندێک لەئاینەکان بۆ
باوەڕدارانی خۆیان ئەوەیە، زۆر لەئاییندا قووڵنەبنەوە، واتەبەشێوەیەکی سەرەکی زۆر لەتێکستەئاینیی و
رامانەفکرییەکاندا قووڵ نەبنەوە، یان بڵێین وا قووڵ نەبنەوە، کەقووڵبوونەوەیان بێتەمایەی پرسیار، کەچی
نووسینی تێکستەئاینییەکان، بۆ خوێندنەوەیەو پێشم وایەتێکستەبنەڕەتییەئاینییەکان ئەو مانیفێستۆیەن،
کەباوەڕدارەخوێندەوارەکانی پێ رادەکێشرێت، بێگومان بوونی دوو داواکاری دژ بەیەک، شتێکی وا سەر
پێی نییەو هەر لەمیانی ئەو نموونەیەوەگەر لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی لەمەڕ بکەین دەتوانین، لەزۆر شت
وبەتایبەتیش خوێندنەوەو ناخوێندنەوەحاڵی ببین، بەحاڵی بوونیشمان لەوە؛ دەزانین چۆن زۆرترین ژمارەی
خوێنەری کورد، لەجێی خوێندنەوەمومارەسەی ناخوێندنەوەدەکات و ئەمەش کارێکی ترسناکە!؟.
کارزان ڕەحمان
: لەزۆربەی کاتەکان و لەزۆربەی بڵاوکراوەکاندا، دەقەکانی ئەو نەوەتازەیەرەت دەکرێنەوە، کەبڵاویش
دەکرێنەوەمەگەر چۆن، ئەگەرنا هەردەم سەرنووسەر، تەنانەت دەستەی نووسەرانیش، وەکو کۆمەک
لەبڵاوکردنەوەی شیعرەکانیان دەڕوانن و وەها مامەڵەیان لەگەڵ دەکەن..بۆچی؟ لەنێو کورددا خودی دەق

ناخوێندرێتەوە؟ داهێنان پێداویستی بەپێدا هەڵگوتن نییەو بەهیچ شێوەیەک لەجوانییەکانی خۆی ناکەوێت، بەڵام بۆچی هەوڵی کوشتنی جوانییەکان هەر بەردەوامە؟



یوسف عیزەدین: بەڵام لەدنیاشدا نموونەی زۆر سەیری دژایەتی و پەراوێزخستنی نووسەران، گەر سەد دەر سەد بەم شێوەیەی لای خۆشمان نەبێت هەبووەو هەیە!؟... هەر بۆ نموونەنووسەرێکی لەژیاندا نەماوی وەک "سیلین"ی بەڕەچەڵەک فەڕەنسی، کەلەساڵی 1961دا کۆچی دوایی کردووە، تا ئەم دواییەش لەوڵاتێکی بەناو دیموکراتی وەک فەڕەنسادا، چاپکردن وبڵاوکردنەوەی کتێبەکانی قەدەغەبوون.
ناوبراو، بەشێوەیەکی سەیر دژایەتی هەموو سامی نەژادێکی کردووەو بەتایبەتیش جولەکە؛ هەربۆیەپاش وەرگێڕان و بڵاوبوونەوەی ڕۆمانێکی ناوبراو لەم دواییانەدا، بەناوی" سەفەرێک لەدواییەکانی شەودا"، بەزمانی عیبری لەئیسرائیل؛ بووەمایەی گفتوگۆگەلێکی توند لەپەرلەمانی ئەو وڵاتەدا، سەبارەت بەقەدەغەکردن و قەدەغەنەکردنی کتێبەکە، بەڵام دواجار کتێبەکەقەدەغەنەکرا؟!
ئاشکراشە"سیلین" لەرۆژگارێکدا کاریگەری لەسەر "سارتر"یش هەبووە، هەر بۆ نموونەلەرۆمانی "رشانەوە"یدا، "سارتر" دێڕێکی ئەوی بەکارهێناوە.. جا ئەم نووسەرەبیروڕای هەرچییەک بێت، توانایەکی ئەدەبی باشی هەیەو ناکرێت نکووڵی لێبکرێت..کەچی هەمیشەباجی بیروبۆچوونەنامرۆڤانەکانی خۆی داوە، بۆ نموونەکاتێک لیژنەی پێدانی خەڵاتی گۆنکۆر، بڕیاری دابوو خەڵاتی ساڵی 1932 بداتە"سیلین"..بەڵام پێش یەک هەفتە،بەر لەڕاگەیاندنی پێدانی خەڵاتەکە، دەرئەنجامی دەست تێوەردانێکی سیاسی و خیانەتی دوو ئەندامی لیژنەی خەڵاتەکەو پاشگەزبوونەوەیان، خەڵاتەکەدرایەنووسەرێکی فاشیلی وەک"مازلین"و هەر زووش خوێنەران پاش خوێندنەوەی نووسینەلاوازەکانی، بەفەرامۆشیان سپارد و ئێستاشی لەگەڵدا بێت، شوهرەتی خەڵات وەرگرتنی نەبووەمایەی بەنج بوونی خوێنەرانی هوشیار و بەئاگا؟!
بەڵام تا ئێستاش تێکستەکانی "سیلین" هەر دەخوێنرێنەوە، سەرباری راوبۆچوونەنەژادپەرستیەکانیشی، ئیدی دەبێت پێش هەموو شتێک، تێکست وەک خۆی توانای بانگهێشتکردنی خوێنەری هەبێت و خۆی بسەپێنێت، ئەگینا هەموو رەخنەگرەباشەکانی دنیا، وەک گریمانێک ئەگەر لەسەر نووسینێکی لاوازو چرووک؛ بەباش بنووسن، دڵنیام هیچ خوێنەرێکی جیدییان پێ هەڵناخەڵەتێنرێت؟!.

کارزان ڕەحمان

: زۆربەی نووسەرەبەئەزموونەکان و رەخنەکار، شاعیر، لێکۆڵەر، نووسەر، تا ئێستەلەبارەی ئەزموونی ئەم نەوەتازەیە، بەجدی نانووسن و نەیانووسیوە، تەنانەت مەگەر چۆن، ئەگەر نا ئاماژەبۆ ناوەکانیشیان ناکەن، بۆچی و دەتوانیت ناوی ئەو گەنجانەمان بۆ بنووسیت، کەخاوەن تایبەتمەندی خۆیانن؟

یوسف عیزەدین: لەڕاستیدا سەرەتا دەبێت ئاماژەبەوەبدەم، کەمن وەک خۆم خوێنەرێکی ئاساییم و هێندەی پێم کرابێت و دەرفەتم هەبووبێت، هەندێک لەتێکستەشیعرییەکانی ئەو نەوەیەم خوێندۆتەوە؛ کەلەئێستادا بەتەمەن لاون.
بەڵام دەبێت ئەوەش بڵێم من ئاگاداری هەموویان نیم و بەدڵنیایشەوەتێکستی زۆریانم هەر بەرچاو نەکەوتووە... کەواتەمن بەتەنها ناتوانم سەرلەبەری پانتاییەکی بەرفراوانی شیعری گەنجانی کورد، دەستنیشان و دیاری بکەم، بەتایبەت ئەو گەنجەشاعیرانەی پارچەکانی دیکەی کوردستان، مەبەستم لەوانەیەکەبەزمانی کوردی دەنووسن و کەمتر ئێمەلێیان بەئاگاین... بەهەر حاڵ دەبێت ئەوەش بڵێین کەزۆر جار ناوهێنانەکان دەبنەناحەقیکردن دەرحەق بەکەس و کەسانێک، کەباش دەنووسن و کەچی من و تۆ

نایانناسین، یان لەکاتی ئاماژەپێدانێکی لەم چەشنەدا ناوەکانیانمان لەیادمان دەچێت، ئەمەجگەلەوانەی کەرەنگەزۆر باش بنووسن و کەچی لەئێستادا هیچ بڵاو نەکەنەوە.. بەڵام وەک پرسیوتانەو لەپرسیارەکەتاندا هاتووە:( دەتوانیت ناوی ئەو گەنجانەمان بۆ بنووسیت، کەخاوەن تایبەتمەندی خۆیانن؟)..خۆی لەڕاستیدا وەک تایبەتمەندی و جیاکردنەوەی شوێنپەنجەی شاعیرێک لەیەکێکی ترو شتی لەو چەشنە، یەکەم کارێکی سەختەو دواتریش من وەک خۆم رەخنەگر نیم و وەک گوتم تەنها خوێنەرێکی ئاساییم؟!

ئەمەجگەلەوەی بۆخۆیان واباشترەلەیەکتر جیاواز بن و پێشم وایە کەم تا زۆروابن.. هەرچەند لای من بەراوردکردنی تێکستەئەدەبییەکانی نەوەیەک بەنەوەیەک، یان تێکستەکانی نووسەرێک بەیەکێکی تر، کارێکی باش نییە و هیچ پێوەندییەکی بەدنیای خوێندنەوەو تەئویلی تێکستی ئەدەبییەوەنییە؟!.

ئاشکراشەکەتەمەنی مرۆڤ تامردن سات لەدوای سات لەهەڵکشاندایەبەرەو سەر، یان بابڵێین ژیانی مرۆڤ سەفەرێکەبەنێو قۆناغەکانی تەمەندا، لەبوونەوەبەرەو عەدەم، هەر لەسەرەتای هاتنەناو دنیای؛ بەتایبەتیش هەر لەکاتی هەستکردنیبەنەرمی و ئاوداری رووکار و جەستەی و تەنانەت هەر لەو کاتەوەکەدەتوانێت خۆی لەئاوێنەدا ببینێ و بناسێتەوە،تا چرچبوون وشکبوونەوەی ئەم شوێن و ئەو شوێنی جەستەی.. ئەگەر چانسی ژیانی هەبێت؛ بەناچاری سەفەرەکەی درێژەی دەبێت، تادەگاتەعەدەم و مەرگ و شیبوونەوەی ناو خاک؟! بەڵام ئەم یاسایەدنیای تێکستەزیندووەکان ناگرێتەوە، واتەسوورێکی ئاوای هاتنەبوون و لەناوچوونی تێکستی زیندوو، بەچەشنی ژیانی مرۆڤ و زیندەوەران، تا ئێستا نەبووەو نەبینراوە، بۆیەدەبینین لەئێستا و داهاتووشدا، تێکستەکانی شەکسپیر و دیکنز و ئۆسکار وایڵد و پۆ و بۆدلێر و چەندینی تر، وەک چۆن خوێندراونەتەوە، هەر ئاوا؛ یان بەچەندین چەشن و شێوەی تر دەخوێنرێنەوە؟! جا ئەو نەوەگەنجەنووسەرانەی ئێستا و داهاتووی کورد و بەبەردەوام، ئەگەر تێکستێکی جدی قابیل بەخوێندنەوەبهێنەبوون، ئەوەبێگومان پاش خۆشیان هەر بەشەوقەوەدەخوێنرێنەوە، هەروەک چۆن ئێمەلەئێستادا هەندێک لەتێکستەکانی " نالی" و"مەحوی"و"گۆران" زۆرێکی تر دەخوێنینەوە، کەخاوەنەکانیان لەژیاندا نەماوون.

بەهەرحاڵ پێم وایەو هێندەی لەئێستادا وەبیرم بێتەوە، رەنگەمن پێشتر لەیەک دوو شوێنی تردا ئاماژەم بەکۆمەڵێک لەو ناوانەکردبێت، کەلەهەوڵدانی بەردەوامدان و دواجاریش ئەوەخۆیانن، دەتوانن بەردەوام بن و باشتر و باشتر بخوێنەوەو بنووسن، یان دەستبەرداری نووسین ببن و بەردەوام نەبن..بۆیەناکرێت پێشبینی مەجهولێک بکەم، لەدنیای نووسینی کۆمەڵێک لاوی شاعیردا، کەکەم تا زۆر وەک گوتم ئاگاداری هەوڵدانی باشی هەندێکیانم لەئێستادا، دەشێت سەرجەمی شیعرێکیان، یان ناونیشان، یان چەند دێڕو کۆپلەیەکی شیعرییان، سەرنجیان راکێشابێتم، یان رایانگرتبێتم..

---